**PRZESŁUCHANIE W POSTĘPOWANIU O UDZIELENIE OCHRONY MIĘDZYNARODOWEJ**

# چاوپێکەوتن بۆ ڕێکاریەکانی پێدانی باری پاراستنی نێودەوڵەتی

ئێمە بانگهێشتت دەکەین بۆ **چاوپێکەوتن (گوێگرتن لێت)** چونکە تۆ داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە. ئەمە لە بەندەکانی یاسای 13ی حوزەیرانی 2003 لەسەر بەخشینی پاراستن بە بیانیەکان لەسەر خاکی کۆماری پۆڵەندا ئەنجام دەدرێت. چاوپێکەوتنەکە لەلایەن فەرمانبەرێکی بەشی کاروباری پەنابەران لە فەرمانگەی بیانیان ئەنجام دەدرێت.

## دەرئەنجامی ئامادەنەبوونت

ئەگەر ئامادەنەبیت لە **چاوپێکەوتن (گوێگرتن لێت)** و نەیسەلمێنیت لە ماوەی **7 ڕۆژ** لە بەرواری دیاریکراو بۆ ئەو **چاوپێکەوتن (گوێگرتن لێت)** کەوا تۆ ناتوانیت ئامادەبیت بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە لە دەرەوەی کۆنتڕۆڵی تۆن ( هۆکاری نەخوازراو) ، ئێمە کەیسەکەت بالاوە دەنێیین
(ئەگەر هاتوو پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی نەبێت).

## متمانەبوون

هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە کاتی **چاوپێکەوتن (گوێگرتن لێت)** دەیدەیت، **نهێنیی و پارێزراوە** وە بە یاسای پۆڵەندی پارێزراون فەرمانگەی بیانیان ئەم زانیاریانە پێشکەش بە دەسەڵات و دامەزراوە گشتییەکانی وڵاتی ڕەسەنت ناکات. بەبێ ترس و بەمتمانەوە زانیاریەکانت باس بکە لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندی بەشی کاروباری پەنابەران.

## ئەرکی سەر شانت

لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا، پێویستە هەموو ئەو زانیاریانە باس بکەیت کە پێویستە بۆ پرۆسەی داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی. **وەڵامی وردی پرسیارەکان بدەرەوە** – ئەوە بۆ تۆ سوودبەخشە. هەروەها پێویستە بەڵگە بەدەستەوە بدەی ئەگەر خاوەندارێت (هەتە) (بۆ نموونە دۆکیومێنتەکان، پروانامەکان، هەڵگرەکانی داتا، بۆ نموونە فلاش درایڤەکان و هتد) کەوا ئەو زانیاریانە دەسەلمێنێت کە لە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیدا داوتە.

## گرنگی چاوپێکەوتن و بەڵگەدان

ئەو زانیاریانەی کە لە کاتی چاوپێکەوتن باسی دەکەیت و ئەو بەڵگەنامانەی کە دابینی دەکەیت زۆر گرنگە بۆ پشکنینی (کارکردن لەسەر ) داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی. لە کاتی دەرکردنی بڕیاردا بە تەواوی لەبەرچاو دەگیرێت، ئەگەر زانیاری بشاریتەوە یان بەڵگەی هەڵە نیشان بدەیت، ئەوە بۆ تۆ سودبەخش نابێت.

## دوای چاوپێکەوتن

ئەگەر دوای چاوپێکەوتنکە، هەلومەرجی **نوێ و گرنگ** لە کەیسەکەدا دروست دەبێت یان بەڵگەی نوێ، تکایە بە زووترین کات پەیوەندی بە بەشی کاروباری پەنابەرانەوە بکە. هەروەها دەتوانیت داوای چاوپێکەوتنی زیادە یان داواکاری بکەیت بە نووسراو کەوا شایەتحاڵ لە کەیسەکە گوێی لێبگیرێت، لەو حاڵەتەدا ناوی و ناونیشانەکەی بدە و ئاماژە بە ئەوە زانیاریانە بکە کەوا دەتەوێت پشتڕاستی بکاتەوە.
زانیاری نوێ، بەڵگە و داواکاری دەتوانی:

- بینێریت بە پۆست بۆ ئەم ناونیشانەی خوارەوە: شەقامی تابۆرۆڤا 33، 02-699 وارساو،
- یان بنێرە بە فاکس بۆ: ٢٣-٥١-٦٠١-٢٢-٠،
- یان گەیاندن بە دەست بۆ بەشی کاروباری پەنابەران (شەقامی تابۆرۆڤا 33، وارساو).

**گۆڕینی ناونیشان**

بیرت بێت کە هەمیشە ئاگادارمان بکەیتەوە دەربارەی گۆڕینی ناونیشانەکەت. ئەگەر تۆ ئەم کارە نەکەیت، ئێمە ناونیشانی ئێستات وەک نەگۆڕاو و هەمیشەیی دەزانین و نامەکانت و نووسراوەکان بۆ ئەوێ ئاراستە دەکەین. بەپێی یاسا بە ڕادەست کراو لە قەڵەم دەدرێت.

**بڕیار**

کاتێک ڕێکاریەکانی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی تەواو دەکرێت، ئێمە بڕیار بە نووسراوێک دەردەکەین. ئێمە دەیگەیەنین بە ئێوە بۆ ئەو ناونیشانەی کە ئێوە وەک شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستاتان پێمانتان داوە یان بۆ نوێنەرێک (پارێزەر) (ئەگەر ئێوە دیاریتان کردبێت). تۆ و کەسانی تر کە بە داواکاریەکەوە بەندن، دەبێت پابەندی بڕیارەکەبن. لە بڕیارەکەدا بە زمانێک کە لێی تێدەگەیت ئەو زانیاریانە دەنووسرێت:

- بنەما یاساییەکان و دەرئەنجامی ڕێکاریەکان
- مافی تێهەڵچوونەوە (ئەگەر لە بڕیارەکە ڕازی نەبوویت).